تەوەری دووەم: ئیسلام‌و جێندەر

# ئیسلام لەدیدی جیاوازەوە

# ئەبوبەكر عەلی: پێغەمبەر (د.خ) بەرزی‌و بەڕێزی پیاو بەمامەڵەكردنی لەگەڵ ژناندا دەكاتە پێوەر

سازدانی: هاوڵاتی

**ئەبوبەكر عەلی ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان دەڵێت كە لە قورئاندا ئافرەت نەك هەرسەرچاوەی شومی نیە، بەڵكو چاوگی ئارامی‌و سكونەت‌و ناسكترین هەستە پاكەكانە، هەروەها ئاماژە بەوەدەكات كە شومی لە ئیسلامدا ڕەتكراوەتەوەو وەك چەمكێكی دژە یەكتا پەرستی لێی ڕوانراوە.**

**هاوڵاتی:** بوخاری‌و موسلیم‌و تیرمیزی‌و نەسائی‌و ئەبو داوودو ئیبن ماجەو ئیمام مالیك، گێڕاویانەتەوە كە پێغەمبەر وتویەتی (ئەگەر شومی لە شتێكدا بێت ئەوە لە خانوو ژن‌و ماییندایە). بۆچی ئیسلام ژن بە شوم دادەنێت؟ ئایا بەڕاستی ئەوە تێڕوانینی ئیسلامە بۆ ژن؟

**ئەبوبەكر عەلی:** بەداخەوە ئەم فەرمودەیە كە ئەبو هورەیرە گێڕاویەوە یەكێكە لەو دەقانەی بەهەڵە بەناوی پێغەمبەرەوە (د.خ) گێڕاوەتەوەو، هەڵەكەش سەراپای دەق‌و ناوەڕۆك‌و چەمكەكە دەگرێتەوە. ڕاستكردنەوەی ئەم هەڵەش هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە بووە، كاتێك لە كۆڕێكدا خاتوو عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر (د.خ) گوێی لە گێڕانەوەی ئەم دەقەبوو بەم جۆرەی ئێوە گێڕاوتانەتەوە، یەكسەر هەڵی دایەووتی نەخێر ئەبوهورەیرە تۆ بە هەڵە ئەمە بەدەم پێغەمبەرەوە دەگێڕیتەوە، پێغەمبەر فەرمووی : بەكوشتن جولەكەكان كە دەڵێن: شومی لەخانو و ژن‌و ماییندایە. ئەم ڕاستكردنەوەی خاتوو عائیشەش بەتەواوی مەسەلەكە دەباتەوە چوار چێوەی خۆی‌و دەقی بەناو فەرمودەكەش دەكات بە كەلەپورێكی شێواوی ئایینی جولەكە، كە ئیسلام پێی ڕازی نیەو دەخوازێت ئەو بۆچوونە لە ڕەگ‌و ڕیشەوە هەڵتەكێنێ‌و تێڕوانینە خەرافییە مێژووییەكان بخاتە بەردەم پرسیاری هەقی ئاینی‌و ڕەوایەتیان لێ بستێننەوە، لەم نێوەندەشدا ئافرەت وەك خودە مرۆڤییە بــاوەڕدارە بە شكۆكە دەربكەوێتەوەو دوربكەوێتەوە لەوەی ببێتە كەرەستەو بابەتی عەقڵێكی خەرافە پەرست. لەڕویەكی ترەوە شومی لە ئیسلامدا ڕەتكراوەتەوەو وەك چەمكێكی دژە یەكتاپەرستی لێی ڕوانراوە. پێغەمبەر (د.خ) لە زیاد لە فەرمودەیەكدا نەهی لە شومی كردووەو بە پێچەوانەی بیرو باوەڕی یەكتاپەرستی، مرۆڤی باوەڕداری داناوە. واتە یەكێ لە مەرجەكانی بڕوای ساغ‌و دیدێكی ڕاست‌و ڕەوانی یەكتا پەرستی بێ باوەڕبوونە بە شومی. چونكە بڕوابوون بە شومی بڕوابوونە بەچاوەڕێكردنی زیان‌و ئازار لە غەیری خواوە، لە دەرەوەی هۆكارە ماددییە زانراوەكانەوە كە یاسا زانستی‌و بابەتی یەكان حوكمیان دەكەن‌و بەشێكن لەئەوەی پێیان دەوترێت (سونن)ە خوایی‌و گەردونییەكان. لە قورئانیشدا ئافرەت نەك هەرسەرچاوەی شومی نیە، بەڵكو باوەش‌و چاوگی ئارامی‌و سكونەت‌و ناسكترین هەستە پاكانەكە (لتسكونوا الیها). كە مرۆڤ لە ئامێزو سایەی ئەودا نەبێ‌و دوور لەهەناسە میهرەبانییەكانی، ئاسان نییە هەست بە بەختەوەری‌و ڕەزامەندی دەرونــی بكات بەمەش ژن وەكو جۆرو ڕەگەز بەگژ شومی‌و تاریكی‌و ناشرینیەكانی ژیاندا دەچێتەوە.

**هاوڵاتی:** تیرمیزی‌و ئیبن ماجەو ئەحمەد دەگێڕنەوە كە پێغەمبەر وتویەتی: (ئەگەر فەرمانم بدایە بەكەسێك كڕنوش ببات بۆ كەسێك، ئەوا فەرمانم بە ژن دەدا كڕنوش ببات بۆ مێردەكەی). چۆن دەبێت ئیسلام بەو شێوەیە پیرۆزی‌و ڕوایەتی بدات بە پیاو و بەو شێوەیە ژن بكاتە ملكەچ‌و پاشكۆی پیاو؟

**ئەبوبەكر عەلی:** هەرچی پەیوەندی بەم دەقەشەوە هەیە، دەقێكی گومان لێكراو و لەسەر ئەم بناغەش ڕەتكراوەتەوە، چونكە بەگوێرەی هەندێ شارەزایانی بواری فەرمودەناسی‌و لەوانەش (ئەرنائوتی) ئەم دەقە جارێك لە مەعازی كوڕی جەبەل‌و جارێكی تر لەسەر زاری ئەسعەدی كوڕی قەیس بە جیاوازییەوە گێڕدراوەتەوە. دەقەكە بە گوێرەی پێوەرەكانی زانستی فەرمودەناسی (مقطوع)ەواتە لەسەر زمانی ئەم دووانە گێڕراوەتەوەو گێڕەرەوی پێش ئەوان تا دەگات بە پێغەمبەر دیارنیەو پچڕاوە. ئەمە جگە لەوەی بەزاراوەی ئەوان دەقەكە بەلبەلەی تێدایە، واتە بێنەرەو بەرەو شڵەژانی پێوەدیارە، چونكە جارێ دەوترێت دوای گەڕانەوەی مەعاز لە شام جارێكی تر لە كوفە ئەمەی گێڕاوەتەوە. ئەمە لــەڕووی زانستی فەرمودەناسی تەقلیدیەوە كە قورسایی دەخاتە سەر سەند. كە لەم ڕووەوە بەفەرمودەیەكی ناڕاست دا دەنرێت‌و دەقێكی بێ ڕەگ‌و ڕیشەو دایك‌و باوكە لەڕووی سەلماندن‌و گێڕانەوەی بۆخودی قسەكەر كە لێرەدا پێغەمبەرە (د.خ). لە رویەكی ترەوە (متن)‌و ناوەڕۆكی فەرمودەكە لــەگــەڵ دیــدی یەكتاپەرستی‌و وێنای بنەڕەتی‌و خودی ئینسانانەو باوەڕدارانەی ئافرەتدا ناگونجێت، بەو جۆرەی كە دەقە ئیسلامیە بنەڕەتی‌و ڕەسەنەكان‌و لەوانەش قورئان دەیخاتەڕوو. لەلایەكی تریشەوە تێڕوانینێكی ئیسلامیش هەیە كە بە ڕەهایی مەترەح كردنی چەمكەكان لە هەندێ كاتدا ڕەتدەكاتەوە. بۆنمونە هەر دەربارەی ئەم دەقە ناكرێت بەڕەهایی باسی پیاو بكرێت، واتە پیاو هەرچی بێت ئافرەت هەڵوێستێكی یەكسانی بەرامبەر هەبێت. بۆ نمونە ئافرەتێكی چاكەخواز دەیان جار لە دنیاو لای خواش لە پیاوێكی خراپەكار بەرزترو لە پێشترو شایستەترە. پەیوەندی نێوان ژن‌و پیاویش چەندین دەق‌و پێوەری تری ڕەسەن حوكمی دەكەن‌و ناكرێت بەم دەقە لاوازو بێ ڕەگ‌و ڕیشەو گوماناویان سێبەر بخرێتەسەر، ئەوان‌و بەمەش فەرهەنگی ژن بچوككردنەوە لە بەرگێكی تردا بخرێتەڕوو، ئافرەت لە فەرمودەیەكی تردا هاوشانی پیاوە (النساء شقائق الرجال) ژنان هاوشانی پیاوانن لە رویەكی ترەوە پێغەمبەر (د.خ) ئیهانەكردن بە ژن‌و ڕێزگرتن یاخود نەگرتن لە كەسێتی‌و هەست‌و مافەكانی دەكــات بە پێوەری سەرەكی‌و نزم یاخود بەرزی‌و بەڕێزی پیاو. بەمانایەكی تر جۆری مامەڵەكردن لەگەڵ ژندا دەكات بە پێوەری حوكمدان بەسەر كەسێتی پیاودا. هەروەك دەفەرموێت (ما أكرمهن الا كریم وما اهنهن الا لئیم)واتە: تەنها پیاوی بەڕێزو خاوەن كەسێتی ڕێزی ئافرەت دەگرێت‌و كەرامەتی دەپارێزرێت، پیاوی سوك‌و ڕسواش نەبێت سوكایەتی بە ئافرەت ناكات‌و كەرامەتی ناشكێنێ. ئەم جۆرە فەرمودانە لەگەڵ ئایەتی (ولقد كرمنا بنی ادم) دا، گونجاوو سازگارن‌و دەربڕی ڕوحی ئەون، چونكە كەرامەتی خودا بە یەكسانی پێداوی مرۆڤ بە پیاو و ژنی بەخشیبێت بە حوكمی ئەوەی هەردوكیان لە هەمان ئاستی مرۆڤایەتیدان بۆ هیچ دەق‌و كەس‌و هێزو دەسەڵات‌و دۆخێكی تر نیە لێی بسەنێتەوە، یاخود جیاكاری‌و پەراوێزخستن‌و بەنزم سەیركردن لە چوارچێوەی عورفێكی كۆمەڵایەتی دواكــەوتــوو هەندێ فتوای فقهی‌و ڕاڤەی مێژوویی كاریگەر بەو واقیعە كۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگییە، لە بەرگی داواكــاری خواو هەڵوێستی ئیسلامی دا بخرێتەڕوو. لەبەر تیشكی ئەوەی كەوتراش دەكرێت بڵێین : پێغەمبەر فەرمانی نەداوە لە غەیری خوا سوجدە بۆ كەس ببرێت، تاداوا لە ئافرەت بكات كڕنوش بۆ پیاو بەرێت، ژنێ لەسەر بناغەی گرێبەستێكی ئازادو ڕەزامەندی نەبووبێتە هاوسەری پیاوێك، چۆن دەشــێ لانی كەم لــەڕوی تیۆریەوە ڕەزامــەنــدی دەرگــا بۆ دیلی‌و بچوكی‌و خولامی‌و خزمەتكاری بكاتەوە؟.

**هاوڵاتی:** قورئان لە باسی كێشەی نێوان ژن‌و مێردو جیابونەوەیاندا، دەڵێت پیاوان پلەیەكیان لە ژنان زیاترە (وللرجال علیهم درجــة) (البقرە: ٢٢٨). مەبەستی لەو پلە زیادەیە چیەو ئەم جیاكاری‌و فەزڵدانە بۆچی؟

**ئەبوبەكر عەلی:** سەرەتا دەبێت فەزای ئایەتەكە دەستنیشان بكەین بۆ ئەوەی ئاماژەو ناوەڕۆكی (درجە) بكەین، كە قەزای تەڵاق‌و جیابونەوەی نێوان ژن‌و پیاو لەخۆ دەگرێت. بە مانایەكی تر (پلە) پەیوەندی بە زاتی مرۆڤانەو باوەڕدارانەی ئافرەتەوە نیە، چونكە لە رووی ئینسانیەوە لە ئایەتی (هو الذی خلقكم من نفس ءاحدة)واتە : ئەو خودایە لەیەك بنەڕەتەوە هەموتانی بەدیهێناوە. حوكمی سروشتی پەیوەندی ڕەگەزەكان دەكات بەوەشی لە دیدی یەكتاپەرستی یەوە سەرجەم مرۆڤایەتی بە ژن‌و پیاو و نەژادو ڕەنگو نەتەوەكانەوە، یەك بنچینەیان هەیەو لە مرۆڤایەتی دا هاوبەشن‌و مرۆڤی پلەیەك‌و پلە دوومان نیە . لەڕووی باوەڕدار بوونیشەوە ژن‌و پیاو هەردوكیان دونێدراوی پەیامی خواو لێپرسراون‌و پاداشت یاخود سزای یەكسانیان بەرامبەر كردەوەو هەڵوێستی یەكسان هەیە. ئەم تێگەیشتن‌و سنوردار بوونەی مەسەلەی پلە (درجە) ش لێرەدا كاتێ دەبەستێتەوە بەمەسەلەیەكی تر لە ئایەتەكەدا كە ئەویش بریتییە لەوەی ئاماژەی بەپێناسە نەكراوی‌و كــراوەیــی هێشتنەوەی ناوەڕۆكەكەی، خزمەتێكی ترمان پێ دەكات‌و دەریدەخات كە دەبێت ڕاڤەكردن بۆ ئەم پلەیە لە چوار چێوەی بڕگەیەكی یاسای باری كەسێتیدا بە ڕەچاوكردنی یەكسانی ژن‌و پیاو لە رووی كەرامەتی ئینسانی‌و باوەڕدارانەوە بكرێت‌و بەهیچ جۆرێك ماناو ناوەڕۆكێكی پێ نەدرێت ئەو پێوەرو پرنسیپانەو سەرجەم ئەو ڕێسا گشتی‌و چوار چێوانەی تر ببەزێنێت كە مەسەلەی مافەكانی ئافرەتن لەدیدی ئیسلامەوە دیاری دەكەن. (كە لە باسێكی تردا قسەم لەسەر كردبوون‌و لەبەردرێژیش نەبوایە دەبوا پێشەكی ئەم وەڵامە بونایە. پێناسە نەكردنی ئەم مەسەلەو زۆر شتی تریش لەوانە (قــوامــە) لەدەقی قورئانیدا مەسەلەكەی ئاسانترو ڕونتر كردۆتەوەو ناوەڕۆكپێدان‌و بەرجەستەكردن‌و پرشنگدانەوەی ئاماژەكانیانیشی لە هەندێ ڕەهەندیدا بەجێهێشتووە بۆ گۆڕانەكان‌و ئەو ئاڵ‌و گۆڕانەی بەسەر پێگەی یاسایی ڕەگەزەكان‌و پێوەرەكانی (تفضیل) بوون‌و چوار چێوە عورفی‌و نەریتی یەكان‌و دیدە مافخوازیەكاندا دێت. چونكە ئەگەر بنەڕەتی (قوامە) ش وەربگرین ناكرێت ناوەڕۆكەكەی لەسایەی دۆخێكی مێژوییدا كە ئافرەت لەژێر باری قورسی پەراوێزخستن‌و ستەمی كۆمەڵایەتی‌و نەخوێندەواری‌و داب‌و نەریتی خێڵەكی‌و فەرهەنگی پیاو سالاریدا ناڵاندویەتی دیدگاو چاوەڕوانی‌و پێوەرەكان‌و ئەخلاقیاتی پیاویش لەچەندین ڕووەوە بە هەمان ژینگەو جەبری كۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و مەعریفی یەكانەوە مەحكوم بوە، لەگەڵ دۆخێكدا كە ژن خوێندەوارو چاوكراوە بێت‌و بەشداری سیاسی‌و كۆمەڵایەتی بكات‌و سەرچاوەی داهاتی تایبەت بە خۆی هەبێت، هەمان ناوەڕۆكیان هەبێت. خودی پیاویش (بەگشتی باس دەكەین) لە ژێر كاریگەری گۆڕانی چاوەڕوانی‌و دیدگاكانی‌و گۆڕانی ژن‌و كەش‌و هەوای خێزان‌و فەزای گشتی كۆمەڵگادا، ڕەفتارو ئاكاری دەگۆڕێت‌و بەشێوەیەكی تر مومارەسەی هەمان چەمك دەكات. هەر لە سۆنگەی پێناسە نەكردنی (دەرەجە) ش لە ئایەتەكەدا دەبینین خاوەنی تەفسیری (بەیزاوی) لە یەكێ لە ڕاڤەكانیدا بۆ (پلە) ڕوانگەیەكی‌و ئەركگەرایانەی هەیە. لەو ڕاڤەدا (درجە) بە مافی زیادەی پیاو دانانێت‌و نازانێت، بەڵكو بە ئەركی زیادە لە قەڵەمی دەدات‌و مەسەلەی دانی مارەیی‌و نەفەقەو خۆگرتنەوە لە ئازار نەدانی هاوسەرو ئەخلاق‌و جوانی‌و شتی لەم جۆرە، بە ناوەڕۆكی ئەو (پلە) لە قەڵەم دەدات كە لە ئایەتەكەدا هاتووەو ئاماژەی پێ كراوە. بەمەش دەرەجە لە (قوامە) نزیك دەبێتەوە كە بەگشتی واتای سەرپەرشتی‌و سەرۆكی خێزان‌و لێپرساو بوون لە بژێوی‌و ژیان‌و گوزەرانی ئەندامەكانی دەگەیەنێت. جێگای سەرنجیشە لەگەڵ باسكردنی (وللرجال علیهن درجة) لە ئایەتەكەدا سەرەتاو پرنسیپێكی یەكجار گرنگ تر دەچەسپێنێت‌و دەفەرموێت (ولهن مثل الذی علیهن بالمعروف) ئافرەتان بە گوێرەی ئەو ئەركانەی رویان تێ دەكات مافیشیان هەیە. بە واتایەكی تر لەبەرامبەر هەر ئەركێكدا مافێكیان هەیە. ئەمەش ئافرەتی كردووە بە كائینێكی خاوەن ماف‌و ئــیرادەو هەروەها بەتەنها ئەركی لەسەر شان نیپەو خزمەتكاری ڕەگەزەكەی تر نیە، بەڵكو هاوبەشێكی ڕەسەن‌و خاوەن ماف‌و پێگەو ئەهلییەتی یاسایی ڕەسەن‌و بنەڕەتی‌و دانیپانراوی خێزان‌و ژیانەو دەبێت لەم ڕوانگەشەوە مامەڵەی لەگەڵ بكرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بنەڕەت (أصل) لە پەیوەندی نێوان ژن‌و پیاودا یەكسانیەو بەدەر لەوە (استثناء)ە. (استثناء) یش لەسایەی بنەمای دادپــەروەریــدا سەیری دەكرێت‌و ناوەرۆكی پێ دەدرێت لێرەشدا تا ڕادەیەك حوكمی (چرورە) ی هەیەو ڕێسا یاسایی‌و فقهی یەكەی ڕێكخەری زەرورەتیش دەڵێت (الضرورة تقدر بقدرها)واتە، زەرورەت بە ئەندازەی ئەوەی پێویستە ئیشی پێدەكرێت. هەروەها لە رویەكی ترەوە. لەكاتی پەنا بردن بۆ (استسناء)‌و مومارەسەكردنی ماف‌و ڕەفتارێكی یاسایشدا ، ڕێسایەكی تر دێتە كایەوە ئەویش بریتی یە لە (الضرر یزال) واتە هەرچی زیانە دەبێت ڕێی لی بگیرێت‌و لابرێت. مەسەلەیەكی تریش كە هەر لێرەداو لە ئایەتەكەدا شایستەی لەسەر وەستانە، بریتییە لە دیاری كردنی ئەرك‌و مافەكانە بەگوێرەی (المعروف)واتە بە گوێرەی عورفی ســەردەم. بەواتایەكی تر دیاریكردنی ماف‌و ئەركەكانی ئافرەت ناوەڕۆكێكی چەقبەستویان نیەو ئاستی گەشەكردنی مێژوویی‌و عورفی ڕۆژگــار كاریان تێدەكات‌و گەشەیان پێ دەدات با هەندێ چەسپاویش هەبێت كە زیاتر ڕۆڵی پارێزگار یكردن لە شوناس و ئەو چوارچێوە جیهانبینیە گشتیانە دەبینن كە ئەو مافانە لە ناویاندا گەشەدەكەن، شانبەشانی ئەمەو لە ئایەتی دوای ئەویشدا واتە ئایەتی (٢٢٩) ی سورەتی (البقرە) دا خوای گەورە مافێكی تر بۆ ئافرەتان دەچەسپێنێت كە ئەویش بە زمانە یاسایی‌و (فقهی) یەكە مافی (خلع) ەواتە مافی داواكردنی جیابونەوە لە پیاو لە ڕێی دادگاو لە سۆنگەی بونی هۆكاری یاخود زیاتروای لە ئافرەت كردووە كە باوەڕی بە درێژەدان بە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پیاودا نەمێنێت، لەسەر بناغەی گێڕانەوەی مارەیی بۆ پیاو.

لەئایەتی داهاتووە (فان خفتم الا یقیما حدد الله فلا جناح علیهما افقدت بە) واتە : ئەگەر ترستان بوو لە ڕەچاو نەكردنی سنورەكانی خوا لە ژیانی خێزانی دا لەوانەش ژیان لەگەڵ یەكتردا بەخۆشەویستی‌و ڕێزەوەو ڕەچاوكردنی هەست‌و مافەكانی یەكتر بەو جۆرەی لە ئایەتی (٢١) سورەتی (الروم) دا ئاماژەی پێ كراوە، ئەوا هیچتان لەسەر نییە گەر ژنەكە لەڕێی گێڕانەوەی مارەیی یەكەوە بڕیاری جیابونەوە بدەن. بەمەش جۆرێ لە هاوسەنگی بۆ پەیوەندی نێوان ژن‌و پیاو هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەری دەگێڕێتەوە. واتە، ئەگەر پیاو مافی تەڵاقی بەدەست بێت، بەشێ لەو مافەشی لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت كە ئەركی مارەیی دان‌و بەڕێوە چووی ئاهەنگی پێكهێنانی خێزانی دەكەوێتە ئەستۆ، ئەوا ژن لە ڕێی گێڕانەوەی مارەییەكەوە دەتوانیت لە دۆخێكدا كە درێژەدان بە مانەوە لەگەڵ هاوسەرەكەیدا پاساوی كەم بۆتەوە لە ڕوانگەی هەڵسەنگاندن‌و سەرنج دان‌و بڕیاری خۆیەوەو بە یارمەتی دادگا مافی دیاریكردنی چارەنوسی خۆی هەبێت‌و ناچاری ئەوە نەبێت لە هەموو هەل‌و مەرجێكدا بەهەر نرخێ بووە درێژە بە مانەوە لەگەڵ پیاودا بدات لەم نێوەندەشدا ئافرەت بەدەست هەڵگرتن لە مافێكی كە بە ئەرك بۆ پیاو دادەنرێت كە ئەویش مارەیی‌و خەرجی یەكانی پێكەوەنانی خێزانە، مافی ئەوە بەدەستدەهێنێ كە بتوانێت دەست پێشخەر بێت لە كۆتایهێنان بە گرێبەستی هاوسەری بەمەش پلە (درجە) گەر بەمانای مافی تەڵاق بۆ پیاو وەربگرێت بەو جۆرە فــەزای ئایەتەكە ئیحامان بۆ دەكات نامێنێ‌و لە هەندێ كاتیشدا جگە لەمەو لەسۆنگەی هەندێ كەم‌و كورتی‌و خراپەكاری هاوسەری پیاوەوە، دادگا بەدەر لە بنەمای (خلع) یش بەجۆرێ لە جۆرەكان ڕەزامەندی هاوبەشی تێكەڵە ئەو پلە لە پیاووەردەگرێتەوەو گرێبەستی هاوسەرێتی لەسەر داوای ژن هەڵدەوەشێتەوە كە گەر لە چوار چێوەی ئەم مەنهەجیەتەشدا مامەڵە لەگەڵ دەقی ئیسلامی دا بكەین دەتوانین لە بڕگە مێژووییەكاندا پێداچونەوەمان بۆ یاسای باری كە سێتی هەبێت‌و یاساكە ڕەچاوی پێگەی ئافرەتی هاوچەرخ بكات‌و گۆڕانەكان لەخۆی بگرێت بێ ئەوەی لەگەڵ شوناسی ئیسلامی یاساكەو كۆمەڵگاشدا بەیەكدا كێشان دروست ببێت. ئەو دڵنیایی یەش دەبەخشێ كە ماف‌و ئەركە نوێكان كودەتا بەسەر حە قیقەتەكاندا ناكەن، بەڵكو گەشە بەناوەڕۆكیان دەدات.

**هاوڵاتی:** ئەبو داوود لە پێغەمبەرەوە گێڕاوێتیەوە كە وتویەتی (پرسیار لە پیاو ناكرێت لەسەرچی لە ژنەكەی داوە) (لا یُسأل الرجلُ فیمَ ضرب امرأتَە)!! ئەم قسەیە پاساوێكی هەیە؟ یان تەنها قسەیەكی پیاوسالارانەیە؟

**ئەبوبەكر عەلی:** ئەم پرسیارە بەشایستەی وەڵامدانەوەی نازانم، چونكە لاوازی دەقەكەو جیاوازی ژیاننامەی ئەو زاتەی خراوەتە پاڵی واتە پێغەمبەر (د.خ) هێندە جیاوازە بوار بۆ زۆر قسەكردن ناهێڵێتەوەو دەقەكەش لە پەندی پێشنان نزیك دەكاتەوە. هەرچی پەیوەندی بە پرسی (ضــرب)ی ژنیشەوە هەیە دواتر لە دەرفەتێكی تردا بە درێژی قسەی لەسەر دەكەم‌و لە ڕوانگەی خودی دەقە ئیسلامی یەكانەوە ڕەوایەتی لی وەردەگرمەوەو (تجریم)ی دەكەم.



ئافرەتان بە گوێرەی ئەو ئەركانەی رویان تێ دەكات مافیشیان هەیە. بە واتایەكی تر لەبەرامبەر هەر ئەركێكدا مافێكیان هەیە، ئەمەش ئافرەتی كردووە بە كائینێكی خاوەن ماف‌و ئیرادە

تەنها پیاوی بەڕێزو خاوەن كەسێتی، ڕێزی ئافرەت دەگرێت‌و كەرامەتی دەپارێزرێت، پیاوی سوك‌و ڕسواش نەبێت سوكایەتی بەئافرەت ناكات‌و كەرامەتی ناشكێنێ، ئەم جۆرە فەرمودانە لەگەڵ ئایەتی (ولقد كرمنا بنی ادم) دا، گونجاوو سازگارن

هاوڵاتی بەڕێز... هیچ ئایەتێكی قورئان ڕێگەی بەخەتەنەكردنی كچان نەداوە.
پلاتفۆڕمی نا بۆ شێواندنی كۆئەندامی زاوزێی مێینە

تەوەری دووەم:
ئیسلام و جێندەر

# ئیسلام لەدیدی جیاوازەوە

# هۆکاری پاشەکشەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا

عیماد عەلی

کێرڤی کاروباری سیاسی حیزبە کوردستانییەکان لەم دوو دەیەی دواییەدا بە شێوەیەك بووە کە بەرزونزمیەکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بێگومان هۆکاری خودیو بابەتی رۆڵی خۆی بینیوە لەوەدا بەتایبەتی لە بارەی رەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا، تەنانەت هەندێك لایەنو خەلکانی تری ناوەوەو دەرەوی کوردستانیش بە ناراستەوخۆ بەرپرسن لە گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی. لەم نێوەندەشدا دیسان بەرژەوەندی تەسکی کەسو لایەنەکان رۆڵی خۆی هەبووە لە ئاراستەکردنی پیشکەوتن یان پاشەکشەی ئیسلامی سیاسی بە گشتی، یان بە خۆیان تا چەند ئەو هەڵانەیان قۆستۆتەوەو لە هەڵەی خەڵکی تر قازانجیان کردووە. لێرەدا دەتوانین رەفتاری ئیسلامی سیاسی لەسەر ئەرزی واقعو ململانێکانی کوردستان ببینین و ئەوانیش وەك هەر حیزبێکی تری کوردستانی بخوێنینەوە.

هەرێمی کوردستان لە پاش راپەرینەوە بە چەند قۆناغێکی جیاواز لە گشت بوارێکدا بەچەند گۆرانێکی هەمەچەشندا گوزەری کردووەو دەتوانین بەهۆکاری بابەتی زۆر بنەرەتی دابنێین لەم هەڵسەنگاندنەماندا، ئەمیش، ئەگەر بە پێی ئەو پەیوەندیە جەدەلیەی لە نێوان واقیعو تایبەتمەندییەکانی خەڵكو ئەو پەرەسەندنەی لە هەموو بوارەکاندا روویداوە بە وردی شیبکەینەوە، هەر لەوێشدا بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو کارلێکانە تا رۆژگاری ئەمرۆشمان تارادەیەك بەردەوامنو ئاستی گورو هەژمونو تەوژمی ئیسلامی سیاسیشمان بو دیاریدەکەن.



بارودۆخی ئابووری وەك گرتگترین فاکتەرو بەجیا لەوانیتر رۆڵی سەرەکی خۆی گێراوە لە تەشەنەسەندنی ئەم رەوتەو دەرکەوتنیانو گەشەکردنی کاروباری حیزبیان، هیچ کەسێکمان لە بیری نەچۆتەوە کە ئابلۆقەی ئابووری چەند لایەنەی سەر کوردستانو هاتنی پارەی هەمەجۆری ولاتانی کەنداو بە هەر مەبەستێك چۆن لەلایەن ئەم جۆرە حیزبانەوە بە بەردەوامی لەپێناو کاروباری حیزبیو ململانێ سیاسییەکانیان بەگەر دەخراو خەڵکی کەم دەرامەتو رەشو رووتی ئەم کوردستانە پەلکێشی حیزبایەتیو کاری رێکخستن دەکرانو خۆیانیان پێ بەهێز دەکرد بەتایبەتی لە ناوچە هەژارنشینەکان کە موحتاجی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان پێ لەخشتە دەبرد، لێرەشدا نەخوێندنەوەی ئیسلامی تەقلیدی کە زۆرینەی خەڵك پەیوەستە پێوە، یان لە بەرامبەرادا بوونی رەوتێکی توندڕەو لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئاین بەگشتی کە بە پێچەوانەوە لە قازانجی ئیسلامی سیاسیدا دەشکایەوە، ئەم رووداوانە لەوەزعێکی گشتی لەو جۆرەی کوردستان لە بواری کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو پاشخانە مێژووییەکەی بۆ هەمووان روونە چی لێی شین بوو.

قۆناغی دووەم پاش روخانی رژێمی دکتاتۆری بەغدایە، کە گۆڕانێکی ریشەیی گەورەی بەسەر ژیانی سیاسیو ئابووریو تارادەیەك رۆشنبیری کوردستاندا هات، ئیسلامی سیاسیش گورزێکی گورچکبڕیان بەرکەوت چ لە رووی عەسکەرییەوە بێت یان لەپشێوی کەوتنە ریکخستنو رەفتارو مامەڵە کردنیان لەگەڵ وەزعە تازەکەدا، بەڵام گرنگتر ئەوە بوو بارودۆخە گشتیەکە بە شێوەیەك کەوتەوە کە خۆی لە خۆیدا سنوریکی بۆ خێراییو فراوانبونی رووبەری ئیسلامی سیاسی داناو ئیستاش لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا خول دەخواتەوە.

باری ئابووری کوردستان تەکانێکی باشی بە خۆیەوە بینیوەو گرنگی زانستو پیشکەوتنی تەکنولۆجیا کاریگەری باشی بەسەر رەوتی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری خەڵکدا هەبووەو گورانێکی بەرچاوی لەزەمینەی کاری سیاسی سەرجەم حیزبەکانو بازدانێکی خێرای لە هەردوو لاوە چ گەشەکردنی هەندێ لایەن یان پاشەکشە ئەویتر تێیاندا روویداوە، ئیسلامی سیاسیش بەدوور نەبووە لەو کاریگەرییانە کە لەم قۆناغەدا چەقی بەستووە.

لەگەڵ ئەوەشدا هۆکار گەلێکی خودیی ئیسلامی سیاسی لە ناوەخنیدا بۆتە هۆی پوکانەوەی لە ناوەوەو هەر ئەوەش وایلێکردووە بەخۆیدا بچێتەوەو راستەوخۆ ناچاری کردووە لەگەڵ قۆناغەکەدا ئەگەر بتوانێت خۆی بگونجێنێت، پاش کارتێکردنی ئەو پەیوەندییەی لە دەرئەنجامی هۆکاری ئەو پاشەکشەیەی لەسەر شێوەو رەفتارو توانا و قەبارەی سەپاندووە. ئەگەر لێکدانەوەی وردی بۆ بکرێت پاش خوێندنەوەی مێژووی کوردستانو تایبەتمەندییەکانی وای دەبینین کە بە قازانجی گەل کەوتۆتەوە، بە بەراود لەگەڵ قۆناغەکی پیشوودا.

ئەگەر لەباری کاروباری حیزبی ئەم رەوتانە بدوێین، گرژبونەوەی رێکخستنەکانی ئیسلامی سیاسیو گردبونەوەو خولخواردنەوەی لە بازنەیەكو بە دەوری خۆیدا وایلێکردون لە قۆناغی خۆبنیادنانو گەشەکردنەوە، بەناچاری بگۆڕین بۆ پارێزگاری لە خۆ و لەو دەستکەوتانەی کە زەمانە پێیبەخشیون، ئەگەر چەندین سازشیش لە هوڵوێستیاندا هەبوێت لەمەر رووداوەکانی کوردستان، ناکرێت لەم قۆناغەدا چیتر هەژاری خەڵكو ئازادی تاكو ئاکارە گشتییەکانی مرۆڤی کورد ئیستغلال بکەن لەپێناو بەرژەوەندی تەسکی حیزبیو ململانێدا، هەر ئەو ململانێیە نێوخۆییو خودیەی حیزبەکانی ئیسلامی سیاسییە چ لەنێوخۆی خۆیان یان لەگەڵ یەکتر یان لەگەڵ حیزبە عەلمانییەکان، زۆر لایەنی شاراوەی بۆ ئەندامو کادرو هەندێك سەرکردایەتیانو لایەنگرانیان ئاشکرا کردووە کە لەسەر بەرژەوەندییە تازەکان هەموو بەها ئاسمانیەکان دەخەن بەلاوەو لەم رووەوە پۆل پۆل خەڵکیان لێ هەڵدەوەرێت لە سەرجەم ئاستو پلەکانیاندا لە ئەندامەوە تا سەرکردایەتیو لە هەموو گرنگتر بژاردەی رۆشنبیری متمانەپێکراو و لەدەرئەنجامدا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە پەیوەندییە هەمەچەشنەکان روودەدات، ئەمەش روخسارێکی تر دروست دەکات. ئەگەر وەزعی نوێی هەرێمی کوردستان بخوێنینەوە لەم نێوەندەشدا، بونی هێزێکی وەك بزوتنەوەی گۆڕان بۆ لەخۆگرتنی دەنگی میانڕەوی ئیسلامی نارازی لە هەموو لایەکەوە کاریگەری تایبەتی خۆی هەبووە لە پاشەکشەی دەنگو رەنگی ئیسلامی سیاسی لە هەموو بوارەکاندا.

گوتاری سیاسی نادیارو سیاسەتکردن بە رەچاوکردنی پێداویستییەکانی ململانێی سیاسیو سازشکردن لە بیرو باوەڕو بۆچونو بنەما سەرەکیو بنەڕەتییەکان ئیحراجییەکی بۆ دروست کردوونو بۆتە مایەی پرسیارو پشێوی بۆیانو دواجار زۆر سەخت دەبێت قەناعەت بە لایەنگرانیان بکەن.

لەلایەکی ترەوە، ئەوەی دەبینرێت نزیکبونەوەی ئیسلامی سیاسی لە میانڕەویو ناوەڕاست رەفتارو فکر لە بەرامبەر نزیکبونەوەی هێزە خۆبە سیکۆلار زانەکانیش لە ناوەڕاستو میانڕەوی وای لێدێت کە هەردوو لا لە یەك خاڵدا یەکبگرنەوەو جیاوازییەکی فکری فەلسەفی ئەوتۆ لە نێوانیاندا بە ئەستەم نەبێت بەدینەکرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی پاشەکشەی توندڕەوی لە لایەكو چەقبەستنی ئیسلامی سیاسی لە لایەکی ترەوە.

ئەگەر پێشتر ئیسلامی سیاسی ویستبێتی مێژوو دووبارە بکاتەوە، ئێستا زەمینەو واقعی ئەمڕۆ رێگەی بێنادەن بەو ئاراستەیە هەنگا بنێتو کاریگەریە جیهانیەکانو دەرهاویشتەکانی جیهانگیری رۆڵی خۆی هەیە لەم بوارەداو گۆڕانی بەردەوامو پێشکەوتنو پەرەسەندنە هەمە جۆرەکان رێگە بە گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر نادەن.

ئەگەر فاکتەرەکان تائێستا بە مانەوەی توانای ئیسلامی سیاسی هەمەچەشن دیاریبکرێت، مەگەر ئەمڕۆ چەند بوارێك لە بارودۆخی گشتی کۆمەڵگەی کوردستانو لاوازی هێزە سیکۆلارەکانو نەخوێندنەوەی ئەم قۆناغە بەچاوێکی زانستییانەو بەعەقڵانیو سەردەمانەوە هەلی مانەوەی ئەم هێزانە برەخسێنێت، ئەگینا وەزعی گشتی لە قازانجیان نیە.

بۆیە لەم رۆژگارەدا ئیسلامی سیاسی پێویستییەکی بەردەوامی بە چاکسازییە نەك ریفۆرم و گەڕانەوە بۆ سەرەتاکان کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا ناگونجێت. کۆمەڵگەی ئێمە شوناسێكو بارودۆخێکی تایبەتی خۆی هەیە کە هەر ئەمەش هەردوو لایەنی بەناو سیکۆلارو ئیسلامی سیاسیی تێکەڵکردووە، ئەگەر بە جوانیو عەقڵانییەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لە قازانجی گەیاندنی کاروانی بە عەلمانی کردنی کۆمەڵگەدا دەکەوێتەوەو خەڵك بەدوا ئامانجو مەنزڵگەی خۆی دەگات کە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی عەلمانی ئازادە. بەوپێیە ئێستا هەردوولا عەلمانیو ئیسلامی کوردستانی حەقیقەتی خۆیان بۆ کۆمەڵ دەرناخەنو کۆمەڵیش بەو پێکهاتەوە تارادیەیەك قەناعەتی کردووەو هەر یەکەو پشتگیری لە دڵخوازی خۆی دەکاتو دەتوانین بڵێین ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاری خەڵك ئەم وەزعەی تا ئەمڕۆ هەڵگرتووە، بەڵام گۆڕانکاری هەمیشەییو بەردەوام سونەتی ژیانەو ئاراستەکان دەگۆڕێت، یان بەهەژاندنێکی لەسەرخۆ و پێویست هەر یەکە لەم لایەنانە جێگەی راستو دروستی خۆی دەگرێت، یان بە رەفتارێکی چاوەروان نەکراو کە عاقیبەتەکەی کەس نازانێت چۆن دەبێت، ئەگینا دەبێت چاوەڕێی زەمەن بکەین بۆ چارەسەرکردنی.

# پێکدادانی هونەرو ئاین لە کوردستان

نوسینی: هەمووان ئالان

گەرچی دیاردەیەکی نوێ نییە، کە رای زۆرێك لەزانایانی ئیسلامەوایە پەیرەوکردنی(شەرع) لەئاینی ئیسلامدا، بەشێوەیەکی رێكو پێك لەلایەن زۆرینەی موسوڵمانانەوە بەرێوەناچێت. بەندە، نامەوێت لەهۆکارەکانی بکۆڵمەوە، تەنها ئەوەنەبێت کە دیاردەیەکی نوێی ناشارستانی دەربارەی پێکدادانی هونەرو ئاین، روون دەکەمەوە. ئەویش، ئەو چمکە بەنارەوا گرتنەدەستەیە کە هونەرمەندانی کوردستان لەلایەن هونەرو ئاینەوە لێکیانداوەو بەتەواوی رووە جوانەکەی داپۆشیوەو پێکدادانێکی ئاوەژوویان لێ بەرهەم هێناوە. ئەمەش بووەتە هۆی گەندەڵبوونی هەردوو چمکی هونەرو ئاین.

زۆرێك لەنوسەرانو روناکبیران، ئەم دیاردەیەیان ئاشکراکردووە، لێ ترس لەوەدایە کە بەتەواوی تەشەنەبکاتو رووەراستەقینەکەی هونەری رەسەنی کوردی تێك بداتو لەرەگەوە هەڵی بوەشێنێتەوە. هەرچەندە بەندە، لەو باوەڕەدام، دیاردەکە، رۆژ بەرۆژ لەگەشەکردندایەو راستەوخۆ کاریگەریەکی خراپی هەیە لە مەر بەها نەتەوەییەکانەوە. ئەگەر ئاراستەکە بەم شێوەخێراییە هەنگاو هەڵبهێنێتەوە، ئەوا ئەنجامێکی خراپ، چاوەڕوانی پاشەرۆژو ئایندەی هونەرو کەلتووری کوردی دەکات.

مۆریس میترلینگ، لەکتێبەکەیدا، دەڵێت "ئەوەی نوسەرانو روناکبیران ئەینوسن، ئێمەش ئەیزانین. بەڵام جیاوازیەکەی ئەوەیە، ئەوان، پەنجەئەخەنە سەری". بۆیە منیش پێموایە، خەڵکی کوردستان، هەست بەبوونی دیاردەی( پێکدادانی هونەرو ئاین) دەکەن. بۆیە ئەرکی ئێمەیە کە تازووە، خاڵە زەقو لاوازەکانی ئەو دیاردەیە لەلایەن کۆمەڵێك هونەرمەندەوە کەلەژێر ناوی هونەرو کەلتووری کوردیدا ئەو دیاردە نەشیاوە فەراهەم دەکەن، بخەینەڕوو. ئەوەش نابێت بشاردرێتەوە کە دەسەڵاتی کوردی رێخۆشکەرە بۆ دەرکەوتنی وەها دیاردەیەك. ئەمەش تەواو لەگەڵ بەرژەوەندیاندا یەکدەگرێتەوە.

ئەگەر نمونەیەکی بەرچاو بهێنینەوە کە رۆژانە روودەدات، ئەوا بەتەواوی زیندوێتیو بوونی ئەو دیاردە نالەبارە هەستپێدەکەین.

سینەماکارێك، لەهۆڵی سینەماو پاش پەخشی فیلمەکەی، یان شانۆکارێك پاش پێشکەشکردنی شانۆگەریەکەی، یان مۆسیقاژەنێك پاش نمایشکردنی پارچە مۆسیقاکەی، یان سەماکەرێك پاش نمایشکردنی سەماکەی، یان ...هتد، راستەوخۆ رووەدەکاتە مزگەوتێكو دەست دەکات بە نوێژکردن.



ئەم دیاردەیە، بریتییە لە پێکدادان، یان تێکهەڵکێشانی دوو تەوەر یان کەرەستەی دژ بەیەك. هیچیان، ناتوانێت ئەوی دی لەخۆیدا بتوێنێتەوە. هیچیان ناتوانن بەیەکەوە هەڵ بکەن. کەچی نەوەزارەتی رۆشنبیری بەئەرکی هونەری خۆی دەزانێتو نەوەزارەتی ئەوقافیش دەتوانێت لە مینبەری مزگەوتەکانەوە ئەم لێکدانە باسبکەنو دیوە راستەقینەکەی ئاشکرا بکەن. نەدەتوانن بڵێن "هونەر ئاوا نابێت" و نەدەشتوانن بڵێن "ئاین بەمە رازی نییە".

بەندە، لەوکاتەوە کە ماستەرەکەم لەبواری سینەمادا تەواو کرد، یەکسەر دەستمکرد بە بەدیهێنانی خەونەکەم، ئەویش "گەڕانەوە بۆ کوردستانو گەیاندنی تواناکانم بەخەڵکی کورد". هەڵبەتە راستەوخۆ، پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەکەم، گەڕامەوە بۆ کوردستانو بە ئەونیازەی بتوانم بە ئومێدەکەم بگەم.

گەڕانەوەم بۆ کوردستان، کەوتە مانگی رەمەزانەوە. ئەوەی بووە مایەی سەیرو سەمەرە، لەکۆڕێکدا، کەبۆ کۆمەڵێك سینەماکار دەمگێڕا، زۆرێکیان هەستانەوەو پێیانووتم «تکایە، بەو شێوەیە باس لە سینەما مەکەو باسی هۆلیوودیش مەکە، چونکە ئێمە بەرۆژووینو رۆژووەکەمان بەو قسانەی تۆ بەتاڵ دەبێتەوە. ئەگەر هەر دەشتەوێت باسی بکەیت، ئەوا شەوێك لەدووای (فطار) دادەنیشینو باسی بکە». کەواتە، ئەم سینەماکارانە، کاتەکانیان دابەش کردووە «رۆژ، بۆ (طاعتي خوا)و شەویش، بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی. بۆیە جێگای خۆیەتی کە ناویان لێ بنێین "شەمشەمەکوێرەکانی هونەری کوردی".

من، لێرەدا چەند سەرنجو رەخنەیەك ئاراستەی ئەم هونەرمەندە شەرعناسانە دەکەم، ئەوانیش:

١- ئاشکرایە لەڕووی ئابووریەوە گەشەپێدانی سینەما لە وڵاتانی ئەمریکاو ئەوروپا، رۆڵی بەرچاوی هەیە. بەڵام لەڕووی فکریەوە بەهۆی پەرەسەندنی عەقڵی سەرمایەداریو خێڵەکی لە وولاتانی رۆژهەڵات، کە ئەمەش هەلێکە بۆ کزبوونی بیری چەپخوازیو گەڕاندنەوەی بیروباوەڕە مەزهەبگەراکانو تەواو لەگەڵ بەرژەوەندی رژێمی سەرمایەداریدایە. لەکوردستانیش ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێتو تارادەیەکیش بووەتە تەوەری باسی فکریو رەخنەگرتن لە پارتو رێکخراوە چەپەکان. کەواتە، کورد سودمەند نەبووە لەسینەما لە رووە باشەکەیەوە کە گەشیپێدانی ئابوورییە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەهۆی گەندەڵی ئابووریو فیکریو زۆربەی بوارەکانی تر چەند هەنگاوێك بەرەوو دوواوە کشاوەتەوە. تاوانەکەش دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات.

٢- لەوڵاتە پێشکەوتوەکاندا، کەئازادی تێیدا بەرقەرارە، بۆیە بووەتە هۆی پێشکەوتنو پەرەپێدانی هونەرەکەیان بەتایبەتی سینەما. لەو وڵاتانەدا، وابەستەگی بەهیچ دەسەڵات یان ئاینێکەوە نییە بۆ بەرگرتن لە پێشکەوتنەکانی سینەما. لێ هونەرمەندی موسوڵمان ناتوانێت بەو پرۆسەی ئازادیەدا، خزمەت بە سینەمای کوردی بکات. ئەمەش روونە هەروەکو ئەوەی کە هەمووومان دەزانین ئاینی ئیسلام بریتییە لە قورئان. دیارە دەبێت کەسی موسوڵمانیش ئەم قورئانەی بەبێ گفتوگۆکردن قبوڵ بێتو هەر کەسێکیش لیی لابدات ئەوا بەپێی شەرعی ئیسلام، بە(مونافق) لەقەڵەم دەدرێت. لێرەوە هونەرمەندی موسوڵمان، کەشەرعێکی تایبەت بە ئاینەکەی هەیە، ناتوانێت بەئازادی کارەکانی ئەنجام بدات. ئەمەش ئەو جیاوازیە زۆر گەورەیەیە کە رێگرە لەبەردەم بەرەوپێشچوونی سینەمای کوردیدا. هەربۆیە لەمانگی رەمەزاندا، زۆربەی هونەرمەندە سینەماکارەکانی کورد (بەتایبەتی هونەرمەندە خاوەن دەسەڵاتەکان) لە کوردستان، لەرۆژدا، بەرۆژووبوونو شەوانەش روویان لەمزگەوتەکان دەکرد بۆ تەراویحو شەونوێژ. رۆژانەش لە بنکە هونەرییەکاندا کۆدەبوونەوەو هەندێکیشیان بەنیازی(حەجو عەمرە) بوون. هەر کە کۆڕێك یان کارێکی هونەریش هەبوایە، دەچوون. دیارە ئەم چونەیان بەهۆی جێگەو مەقامو ناوبانگیانەوە بوو، چونکە گەر نەچونایە، ئەوا بۆ کەسێتیو کارەهونەریەکانیان باش نەبوو. ئاخر، گەلۆ، ئەوانە وەکو هونەرمەندە بەناوبانگەکانی کورد ناسراون، ناکرێت نەچن.

٣- لەکۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا، دیاردە کۆنەکان، وەکو، ئاینو رەگەزپەرستیو جیاوازیی نێوان نێرو مێو ...هتد، باویان نەماوە. بەڵکو تەکنەلۆجیا بووەتە ئایدۆلۆجیاو جێگەی بەوانە لەق کردووەو هەمووی بەخۆیەوە ماشیوەو نەیهێشتوون. دیارە نەبوونی تەکنەلۆجیا و پەرەسەندنی توندوتیژیو چەوساندنەوەو نایەکسانی لە کوردستان، هۆکارێکی سەرەکین بۆ سەرلێشێواندنی هونەرمەندا. بۆیەوەکو ئەڵتەرناتیڤێك، پەنایان بردووە بۆ ئاین.

٤- هیچ سورەت یان ئایەتێکی قورئان، نەباسی هونەریان کردووەو نە پاڵپشتیشیان کردووە. بەپێچەوانەوە، جۆرە هونەرێکیش کە باو بووە لەسەردەمی پێش ئیسلامدا کە (پەیکەرتاشین) بووە، لەکاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامدا، حەرامو قەدەغە کراوە. تەنانەت تەواوی پەیکەرەکانیشیان روخاندووەو دروستکردنیشیان وەکو وتم قەدەغەو حەرام کراوە. هەروەها زانایانی ئیسلامیش، ئەوەیان دوپاتکردۆتەوەو سەلماندویانە کەوێنەگرتنیش حەرامە. هەڵنەواسینی وێنەی مرۆڤیش لە هەندێ ماڵی کەسانی موسوڵماندا، ئاماژەیەکە بۆ پەیڕەوکردنی ئاینی ئیسلام. ئەمە لەلای تەواوی سینەماکاران ئاشکرایەو چاك دەزانن کەوێنە، دایکی سینەمایە بەتایبەتو بەگشتیش رەوانی هەموو جۆرە هونەرەکانی دیکەیە.

٥- ئەو پێکدادانە زەقەی کە لەکوردستان بەدی دەکرێت، هونەری گۆرانی وتنە. گۆرانی بێژە بێ رێبازەکان لە کوردستان، لەپێش مانگی رەمەزاندا، باشترینو سەرنجڕاکێشترین ڤیدیۆکلیپیان بۆ گۆرانیەکەیان دادەنا. لەگەڵ کچەشۆخە نەشمیلانەکاندا، لەڤیدیۆکلیپەکەیاندا، باوەشیان بەیەکدا دەکردو بەئاوازو شیعرێکی رۆمانسیانەی پڕ جۆشو خرۆشی سێکسی، سەرنجی پڕ حەزی بینەرانیان بۆلای خۆیان رادەکێشا. بەسەما سیحراویەکی کچە سەماکەرەکان، بینەرانیان دەخستە سەر هەلەکەسەمای ئەو حەزانە سێکسیانە. بەمەش زۆربەی بینەرانیان دەوروژاندو چێژێکی تایبەتی سێکسیان دەدایە گۆرانییەکەیان. کەچی هەمان گۆرانیبێژ لەهەمان کەناڵی (بێ سەرپەرشت)ی کوردیەوە کە هەر پاش چەند رۆژێك خرۆشاوترین بەرهەمی سێکسی سێدا نمایش کردووە، لەمانگی رەمەزاندا، دەست دەکات بەووتنی سرودی ئاینیو بانهێشتکردنی خەڵك بۆ پەیڕەوکردنی ئاینی ئیسلامو تۆقاندنی خەڵك بە گڕی ئاگرە بەتینەکەی جەهەندەمو ژێرکردنەوەو پێدانی مژدەی گەیشتن بەحۆریو شەرابە بێکۆتاییەکەی بەهەشت. ئەم بانگەوازەشیان، بۆ هەمان ئەو بینەرانەیە کە پێش مانگی رەمەزان ڤیدیۆ کلیپو گۆرانییە رۆمانسیەکەیان پێشکەش کرد. هەرچەندە ئەم گۆرانیبێژانە، ئەگەر لەمۆتەکەی مانگی رەمەزان، رزگاریان بێت کە بەرۆکی گرتوون، پلانی نوێ دادەنێت بۆ بەرهەمهێنانی کلیپو گۆرانی نوێ کە رەندانەوەی هەمان بیرکردنەوەی پێش رەمەزانیان هەبوو. ئەوان، دەزانن کە هەر جۆرە بەرهەمێکیان هەبێت، ئیدی کوردی بێت یان تورکی، عەرەبی، بیانی، یان هەر سروودێکی یەزیدیو ئیسلامیو..هتد ، ئەوا یەکسەرو راستەوخۆ لە کەناڵە کوردیەکانەوە بۆیان پەخش دەکەن. ئیدی ئەوان ئەو خەمەیان نییە کۆڵی پێوە هەڵبگرن لە ناوەڕۆكو شێوەو مەبەستو سەردەمی بەرهەمەکەیان. هەر ئەمەشە وایکردووە کە گۆرانیبێژە تازەکانی کورد، زۆربەیان خاوەنی دەنگی خۆش نین، کەچی زۆر بەئاسودەیی لەکەناڵەکانەوە گۆرانیەکانیان بڵاودەکەنەوە.

٦- جۆری ئەو پێکدادانو ناحاڵی بوونە زۆرن، کەئەکرێ رووبەڕووی ئەو جۆرە هونەرمەندانە ببێتەوە. بۆ نمونە، ئەگەر یەکێش لە خێزانەکانیان یان خوشکیان، یان کەسێکی مێینەی نزیکیان، حەزیانکرد رۆڵی کاراکتەرێکی رۆمانسی لە فلمێکدا ببینن، یان بەشداری لەکلیپێکی گۆرانیدا بکەن. ئەگەر رازیبن، ئەوا بەپێچەوانەی شەرعی ئیسلام (ناجایزە)و ئەگەر رازیش نەبن، ئەوا راستگۆ نینو هونەرمەند نین.

٧- لەڕووی دەرونییەوە بەشێوەیەکی گشتی، خەڵکی کوردستان (لێبوونەتەوە). بەتایبەتیش ئەو هونەرمەندانەی کە تۆزقاڵێك باوەڕیان بە دەسەڵاتی کوردی نەماوە.

سوکرات، لەبارەی خۆناسینەوە دەڵێت "بەندە، دووای چل ساڵ فێربووم بڵێم، نەخێر". لێ بەداخەوە، بەندە پێموایە، ئەگەر بەردەوام ئەم هونەرمەندە موسوڵمانە خرۆشهاوەرانەی کورد ببنە رێبەری هونەری کوردی، ئەوا پاش چل ساڵی تر نەك ناڵێن نەخێر، بەڵکو نەخێریشیان لەبیردەچێتەوەو دەڵێن (نعم).

٨- ئەوەی حکومەتی کوردی لێی بەرپرسیارە ئەوەیە، ئەو جۆرە بەرەڵاییە بە ئازادی دەداتە قەڵەم. ئەوەی جێگەی باسە، وشەی ئازادی لە کوردستان مانای نییە. ئەوەی بیرەواج بێت ئازادییە. ئەوەی بێمانابێت ئازادییە. هەر کەسێکیش دەم لەئازادی بکوتێت، ئەواوەکو سەردەشت عوسمان دەیکەنە تاوانباری دەستکاریکردنی شەرەفی سەرۆكو دەیکەن بەقوربانی گوللەیەکی زەرد، ئەمەش بەپێی دروشمە کۆنەکەی (أللّه أكبر وأليخسآ ألخاسؤن) ئیجراکرا. ئەمە لەکاتێکدایە کە لەکوردستان، کفرکردنو جنێودان بەخوداو ئاینەکان هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵدا ناکرێت.

٩- بەندە، وەکو کەسێکی ئازادو ئازادیخواز، بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە هەر تاکێك ئازادە هەڵگری هەر بیروباوەڕێکی ئاینی بێت. لێ باسەکەی من تایبەت بوو بەو بەریەککەوتنو پێکدادانانەی لەنێوانهونەروئایندا روودەدات لەکوردستاندا و ئەو هونەرمەندانەی ئاینەکەیان رێگایان پێنادات کە کاری سینەما بکەن، لێ ئەوان دوفاقیە لەکارەکانیاندا بەدی دەکرێت. ئەمانەش دەبنە هۆی ژاوەژاوی هونەرو ئاینو هەمووی بەسەریەکدا دەنە چێشتی مجێور، تەنانەت سەر لە کۆمەڵگاش تێك دەدەن کە ناتوانرێت بەڕوونی دیار بێگ، ئەمانە سەر بە ئاینو مەزهەبێکنو کام لایەنی هونەریان بەڕاستی گرتووە؟. بۆیە پێموایە کاتی ئەوە هاتووە ئێمەی هونەرمەندو رۆشنبیری کورد، هەموو ئەو راستییانە بخەینەڕوو کە هۆکاری پیسبوونو بەلارێدابردنی هونەرو کەلتووری پیرۆزی کوردین. بێگومان تێکدانو پیسبوونی هونەرو کەلتوری کوردی هەلێکی باشە بۆ دوژمنانی کورد لەڕووی سیاسییەوە، تاکو بتوانن بەردەوامی بە کارەکانیان بدەن بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد.

بەندە، داواکارم لەتەواوی هونەرمەندانو رۆشنبیران، بەتایبەتی ئەو جۆرە هونەرمەندانە، خۆیان یەکلایی بکەنەوە، ئەمەش تاکەرێگەی چارەسەرە، جا لەنێوان هونەرو ئایندا، یەکیان هەڵبژێرن. یان هونەرو کەلتووری کوردی، یان ئاینی ئیسلام.

هاوڵاتی بەرێز... پێکهاتەی جەستەی ژن خوا بەتەواوی دروستی کردووە، شێواندنی سەرپێچیە لە کاری خودا.
پلاتفۆڕمی نا بۆ شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی مێینە